INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES

# فیدراسیۆن لەگەڵ ژمارەیەك لەپەنابەرانی كورد لەشاری بەرمنگهام دژ بەسیاسەتی دیپۆرت كۆدەبیتەوە




رۆژی یەك شەمە 4–12–2005 فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە شاری بەرمنگهام كۆبوونەوەیەكی بەرفراوان لەگەل پەنابەرانی كورد لەشاری بەرمنگهام رێك دەخات و لەم كۆبوونەوەیەدا (دەشتی جەمال)جیگری بەرپرسی فیدراسیۆن و (بورهان فەتاح )بەرپرسی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لەشاری مانچستەر بەشداری دەكەن.

سەرەتای كۆبوونەوەكە (هیمن عەلی) هەڵسوراوی فیدراسیۆن داوا دەكات لەبەشداربووان بە دەقیقەیەك وەستان بۆ گیان بەخت كردوانی ئەوپەنابەرانەی لەرێگای سەخت ودەریاو بەسەر مینو لەسنورەكان گیانیان لەدەست دا ریز لیٚ بگرن ،پاشا بەخیرهاتنی ئامادەبووان كورتەیەك لەسەر رێكخراوی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی باس دەكات .

پاشان دەشتی جەمال لەسەر هۆكارەكانی ئاوارەی و پەنابەری پەنابەرانی كورد بۆ دەرەوە لەژیر سایەی سەركوت و تیرۆر وپێشیلی ئازادی سیاسی و چارەنووسی نادیاری كوردستان قسەو باس دەكات ،هەروەها مافەكانی پەنابەری و یاساكانی كۆنفدراسیۆنی جنیف پێویستی بەهرەمەند بوونی پەنابەرانی كورد لەومافانە دەخاتە روو ،لەبەشێكی تری قسەو باسەكاندا باسی هۆكاری پەنابەری رابردووە دەیەی هەشتاكانو نەوەدەكان و شەری خلیجو شەری ناوخۆو ئەو هۆكارانەی پال بە گەنجو لاوانی كوردستانەوە دەنیٚ ئاوارە بنو رێگای سەختی هاتو نەهان بگرنە بەر ، هاوكات لەسەر پێویستی خۆرێكخستن و یەكگرتووی ریزەكانی پەنابەران كرد و وەستانەوەیان دژ بە ساتو سەوداو بازرگانی بەژیان و چارەنووسی پەنابەرانەوە كە لەلایەن حكومەتی بریتانیاو دەسەلاتداران لەكوردستان بەریٚ كەوتووە و رای گەیاند نزیك بە 15 هەزار پەنابەری كورد لە شاری بەرمنگهام ودەوربەری ژیان دەكەن ئەگەر پەنابەران ئیرادەبكەنو بینە مەیدان بۆ داوای ماف پەنابەری و هەقی نیشتەجیٚ بوون ، هیزیەكە بەپشتیوانی خەڵكی ئازادی خوازی بریتانیا دەتوانی ژیانی پەنابەران بگۆری و لەترس و دلەراوەكیٚ رزگاریان كات ودەستیان بەمافە ئینسانی یەكانی خۆیان بگات.

بەشی دووەمی كۆبوونەوەكە بورهان فەتاح لەسەر چوونیتی مامەلە كردن بەیاساكانی سیكشن 4 و ئەو ئالوگۆرەیاسایانەی كە دەولەتی بریتانیا بەدوای كارەساتە خۆیناوێكی 7–7 بەسەر یاسای پەنابەری هیناوە ،هەروەها باسی لەزنجیرەی ئەو كارو جالاكیانە كرد كە فیدراسیۆن لەشارەكانی مانچستەرو لیڤەرپوول و نوتین هام و شەفیلدو و شارەكانی تر گرتۆتیٚ بەر دژ بەسیاسەتی دژ پەنابەری دەولەتی بریتانیا ،هاوكات باسی لەكارەكانی داهاتووی فیدراسیۆن كرد كە لەماوەی دووهەفتەی ئایندەدا خۆپشاندانی سەرتاسەری رادەگەیەنی و ئیمزا كۆدەكاتەوە و سەردانی ئەندام پەرلەمانو ێكخراوەپەنابەریەكان دەكات وسەردانی پەرلەمانی ئەورپا دەكات و داوای لەپەنابەران كرد لیجنەی پێك بهینن لەدەوری فیدراسیۆن كۆوەبن و ببنە ئەندام تا بەهیزی یەكگرتووی پەنابەران پاشەكشیٚ بەدەولەت بهیینینو لەرووی یاسایەوە بەربەدیپۆرتی بەزۆرەملی بگرین.

لەبەشێكی تردا هیمن عەلی دەرگای كردەوە بەرووی مداخەلەو قسەوباسو پرسیاری ئامادەبووان ،كە ژمارەیەكی بەرچاو لە ئەمادەبووان تەجرووبەتالەكانی ژیانی پەنابەری خۆیان دەگیرایەوە كە هیچ لایەنێك تا ئیستا لەبەرمنگهامدا نەبوو ە وەلام بەكیشەكانی پەنابەران بداتەوە و تیكرا تاكیدیان لەكاری رێكخراوەی كرد و پشوازیان لەقسەو باسەكان كرد و لەكوتایدا ژمارەیەكی زۆر لە ئامادەبووان خۆیان كاندید كرد بۆ ئامادەی بۆ خۆرێكخستنی خۆپشاندانێكی گەورەو بەرێوەبردنی كارو چالاكیو كەمپینی فیدراسیۆن و كۆمەكی مالی یان كرد بە كەمپینی فیدراسیۆن ، كۆبوونەوەكە لەنیو هاوكاری و دەستخستنە دەست وئامادەی بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی گیرانەوەی بەزۆری پەنابەران سەركەوتووانە كۆتای هات.

سەركەویٚ یەكگرتووی ریزەكانی پەنابەران.

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراق**

6-12-2005 Tel:0 7734704742 www.federasion.org